**بەفرین قادر یاریزانی یانەی ئافرەتانی هەولێر بۆ تۆپی پێ:**

# کێشەی سەرەکی ئێمە نەبوونی یاریگایە

**بەفرین قادر یەکێکە لە یاریزانەکانی شاری هەولێر، لە یاری فوتسال لەسەر ئاستی کچان بە توانایە. ناوبراو لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٤ی شاری هەولێرە و چەندین ئەنجامی بەرچاوی بەدەستهێناوە، بە پێویستمان زانی لە نزیکەوە ئەم دیمانەیەی لەگەڵ ئەنجام بدەین.**



*** ئاستی یاری فوتساڵ چۆنە؟**

- باشە، بەڵام وەکو پێویستیش نییە کە شایەنی باسکردن بێت، چونکە زۆر لە یانەکانی شارەکان گرنگی پێ نادەن تاکو بەشێویەکی باش پێشکەوتن بەخۆیەوە ببینێ.

*** بۆ پێشکەوتنی ئەم یارییە چی بکرێت ؟**

- یاریگەی زیاتر بکرێتەوە، هانی کچان بدرێت، ئێمە یاریگەیەکی کراوەمان هەیە ناتوانین زستان و هاوین مەشقی تێدا ئەنجام بدەین. بۆیە ئەگەر یاریگەکانی کوردستان باش بێت یاریزانی زیاتریش دروست دەبێت .

*** وەکو کچە یاریزانێك داواکاریت چییە؟**

- پێویستە هاوکاریمان بکرێت وخولی زیاترمان بۆ بکرێتەوە، چونکە ئێمە ماوەیەکی زۆرە خۆمان ئامادە دەکەین و ساڵانە یەك خولمان بۆ دەکرێتەوە، ئەوەش کاریگەری دەبێت لەسەرمان .

*** لە یانەی فەتاتی هەولێر کێشە وگرفتتان چییە ؟**

- کێشەی سەرەکی ئێمە و گشت یانەکانی تریش نەبوونی یاریگەیەکی شایستەیە بۆیاریزانە کچەکان،کەمی پاڵەوانێتییە، ئەگەر نا هیچ کێشەیەکەمان نیبە.

***هیواو ئاواتت وەکو کچە وەرزشکارێك ؟**

-بەهیوای ئەوەم بتوانم ببمە یاریزانێکی باش بۆ ئەوەی لە پاڵەوانێتییەکان سەری شاری هەولێر بەرز بکەینەوە.

***هیچ یانەیەك داوای لێ نەکردی یاری بۆ بکەی ؟**

-بەڵێ یانەی قەڵا داوای لێ کردوومە، بەڵام ڕێزی یانەکەم جێناهێڵم .

*** یانەکەتان چۆن هاوکاریتان دەکات ؟**

-باشە وەکو پێویست ئاوڕمان لێدەدەنەوە پێداویستیمان بۆدابین دەکەن .

***چی بەو کچانە دەڵێی کە وەرزش ناکەن؟**

-بەهیوای ئەوەم بەزووترین کات بێنە ناو وەرزش، چونکە وەرزش جیهانێکی خۆشەویستی و لێك تێگەیشتنە.

***خوێندن نابێتە کۆسپی سەر ڕێگای وەرزش کردنت؟**

-نەخێرمن کاتەکانی خوێندن و وەرزشم جیاکردۆتەوە نەمهێشتوە کاریگەریان بەسەر یەکتری هەبێت.

*** لە لیژنەی ئۆلۆمپی داواکاریت چییە ؟**

-هیوادارم زیاتر پشتگیری تیپەکانی کچان بکەن. بۆ ئەوەی زیاتر کچانیش شان بە شانی کوڕان بهێننە ناو وەرزش.

# خولی نایابی کوردستان بۆ تۆپی باڵەی کچان لە دهۆک بەڕێوەدەچێت

یەکێتی تۆپی باڵەی کوردستان بڕیاریدا خولی نایابی کوردستان بۆ تۆپی باڵە لەسەر ئاستی کچان لە شاری دهۆك ئەنجام بدات بە بەشداری کردنی هەریەکە لە یانەکانی (ئەکاد، سەنحاریب، پێشمەرگەی سلێمانی، کۆیە، تەق تەق، برایەتی، گارە، رانیە، سیروانی شارەزوور، حاجیاوا).
ئەم پاڵەوانێتییە هەفتەیەك دەخایەنێت و یارییەکان لە هۆڵی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی زانکۆی دهۆك بەرێوە دەچێت.





## یانەی دهۆک لە تورکیا خۆی ئامادە دەکات

بە مەبەستی خۆئامادەکردن بۆ یارییەکانی قۆناغی هەشتی جامی یەکێتی ئاسیا بۆ تۆپی پێ، کە یانەی دهۆك ڕووبەڕووی یانەی وەحداتی ئوردنی دەبێتەوە، دەستەی کارگێری یانەی دهۆك بڕیاری داوە ئۆردوگایەکی مەشقی لە وڵاتی تورکیا ئەنجام بدات ئەم ئۆردوگایە ماوەی دە ڕۆژ دەخایەنێت و چەند یارییەکی دۆستانە لەگەڵ یانەکانی تورکیا ئەنجام دەدەن، دوای تەواو بوونی ئۆردوگا مەشقییەکە شاندی یانەی دهۆك ڕاستەوخۆ بەرەو وڵاتی ئوردەن بەرێدەکەون بۆ ئەنجامدانی یارییەکەیان بەرانبەر یانەی وەحداتی ئوردنی.

جێگەی باسە بۆ وەرزی ئەمساڵ دەستەی کارگێڕی یانەی دهۆك چەند گرێبەستێکی لەگەڵ یاریزانان مۆرکردووە و هەروەها گرێبەستی لەگەڵ سێ یاریزانی پیشەگەر مۆرکردووە.



## هەولێر بووە پاڵەوانی پاڵەوانێتی باسکەی یاریزانانە دێرینەکان

لە شاری سلێمانی بەسەرپەرشتی بەڕێوەبەرایەتی وەرزش و لاوانی سلێمانی خولی ڕەمەزانی پیرۆز بۆ یاری باسکەی یاریزانە دێرینەکان بەڕێوە چوو، لەم پاڵەوانێتییە هەریەکە لە هەڵبژاردەی پارێزگاکانی (هەولێر، دهۆك، سلێمانی، کەرکوك) بەشدارییان کرد، لەم پاڵەوانێتییە هەڵبژاردەی هەولێر توانی نازناوی خولەکە بە دەستبهێنێت دوای بە دەستهێنانی سێ سەرکەوتن لە هەرسێ هەڵبژاردەی بەشداربوو بباتەوە، ریزبەندی کۆتایی ئەم پاڵەوانییێتیە بەمشێوەیە بوو.

١- هەڵبژاردەی هەولێر، ٢- هەڵبژاردەی سلێمانی، ٣- هەڵبژاردەی کەرکووك، ٤- هەڵبژاردەی دهۆك.

جێگەی باسە یارییەکانی ئەم پاڵەوانێتییە لە لایەن ناوبژیوانان (زمکان عوسمان، تەلار بیلال، ئارام سەمیر، ڕێبین تۆفیق، بۆکان حەسەن، کارزان عومەر، ئاسۆ عوسمان) بەڕێوەچوو..




# ئەستێرەکانی وەرزش هان

لەگـــەڵ ئەوەی چەندین یاری وەرزشـــی لە جیهان هەیە،بەڵام یاری تۆپـــی پێ بە یاری ژمـــارە یەك دەمێنێتەوە و سەرتاســـەری جیهانی داگیرکردووە و وەرزشـــوانانی یارییەکانی دیکە هاندەر و پاڵپشـــتی یانە بەناوبانگەکانـــی جیهانن، ســـەرەڕای ئەوەی ئەو ئەســـتێرانە لە رووی دارایی و بەناوبانگی هیچیان لە یاریزانانی تۆپی پێ کەمتر نییە، لەم راپۆرتە بەناوبانگترین ئەســـتێرەکانی وەرزش و ئەو یانەیەی کە خۆشیان دەوێت دەخەینەڕوو:

١ – کۆبی براینت : ئەستێرەی بەناوبانگی باسکەی ئەمریکا و یاریزانی یانەی لۆس ئەنجلۆس لیکەرز، ئەم یاریزانە سەرســـامی یانەی میلان و یانەی بەرشـــلۆنەیە، پێش ماوەیەك لە یارییەکی خێرخوازی بە درێسی یانەی بەرشلۆنە لەگەڵ راهێنەر گواردیۆلا یاریکرد.

٢ – رافاییل نادال: ئەســـتێرەی تێنسی سەر زەوی ئیســـپانی هاندەرێکی سەرشـــێتی یانـــەی ریال مەدریدە و ئەندامی شـــەرەفی یانەی شـــاهانەیە، مامی نادال میگێل نادال یاریزانی بەرشلۆنە بووە بەڵام نادال خۆی لەگەڵ ریالە و ئامادەی زۆربەی یارییەکان دەبێت لە یاریگای سانتیاگۆ بەرنابیۆ.

٣ – لیبـــرۆن جێمس ئەســـتێرەی یانەی مەیامـــی هیت لە خولی باســـکەی ئەمریکا، ئەم ئەســـتێرەیە پێش دوو هەفتە سەردانی یانەی بەرشـــلۆنەی کرد و لە گەڵ راهێنەر و یاریزانانی بەرشلۆنە بەشداری مەشـــقەکانی کرد، ئەوەش بەڵگەیەکی زەقە کە لیبرۆن هاندەری یانەی بەرشەلۆنەیە.

٤ – یۆساین بۆلت : یاریزانی گۆرەپان و مەیدانی جەمایکا، خێراترین پیـــاو لە جیهان و هەڵگری هەردوو ریکۆردی جیهانی لە راکردی ١٠٠ و ٢٠٠ مەتردا، بۆلت زیاتر لەجارێك ئارەزووی خۆی نیشـــانداوە ببێتە یاریزانی تۆپی پێ، ئـــەم یاریزانە هاندەری یانەی مان یونایتدە و ریال مەدریدیشی خۆش دەوێت.

# گۆڵکەرە مێژووییەکانی ی



گۆڵکـــەر دراوێکـــی دەگمەنە لە جیهانی تۆپـــی پێدا، چونکە یاریزانی گۆڵکەر پێویستی بە لێهاتوویێکی زۆرە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە زەحمەتە، کە ١١ یاریزان لە تیپەکە هەوڵی بۆ دەدەن، هەر بۆیە یانەکان ئێســـتا پارەی خەیاڵی خەرج دەکەن بۆ هێنانی یاریزانێکی گۆڵکەر بـــۆ تیپەکانیان، لە مێژوودا یانە گەورەکانی ئەوروپا کە خاوەن بناغەیەکی جەماوەری بەرفرەوانن شـــانازی بە گۆڵکەرە مێژووەکانیـــان دەکەن، ئـــەوەش ناوی گۆڵکەرە مێژووەکانی یانە گەورەکانی ئەورووپایە:

* **یانـــەی ریال مەدریـــد:** گۆڵکەرەکەی یاریزانی ئەفســـانە رائول گۆنزالیسە کـــە ٣٢٣ گۆڵی لە ٧٤١ یاری تۆمارکـــردووە لە ماوەی ١٩٩٤ تا ٢٠١٠.





## ـــدەرانی یانەکانی تۆپی پێ

٥ – مایکل شوماخەر: ئەفسانەی پێشبڕکێیەکانی ئۆتۆمبیل جۆری فۆرمولا یەك، شوماخەری ئەڵمانی شەیدای یاری تۆپی پێیە و چەندین جار بەشداری یارییە خێرخوازییەکانی کردووە و ئاستێکی باش پێشکەش دەکات، مایکل هاندەری یانـــەی کۆڵنی ئەڵمانیە و بۆ هێنانی یاریزان پۆدۆلسکی بڕی ٨٧٥ هەزار یۆرۆی بەخشیە یانەی کۆڵن.

٦ - نۆڤاك جۆکۆڤیچ : ئەســتیرەی تێنســـی ســـەر زەوی سربی و پۆلینـــکاری یەکەمی جیهان،جۆکۆ هاندەرێکـــی نزیکی یانە میلانە و زیاتر لە جارێك سەردانی یانەی میلانی کردووە و لە نزیکەوە چاوی بە یاریزانانی یانەی ناوبراو کەوتووە.

٧ – فیرناندۆ ئەلۆنزۆ: پاڵەوانی فۆرمولا یەکی ئیســـپانی، شۆفیری تیپی فیـــراری و دوو جار پاڵەوانی جامی جیهانـــی هاندەرێکی گەورەی یانەی ریال مەدریدە، لە سەرەتای ژیانی وەرزشی بەردەوام لە یاریگا ئامادە دەبوو، بەڵام ئێستا ناتوانێت بە هۆی سەرقاڵییەوە ئەوەش دڵگرانی کردووە.

٨ – کارۆلین ڤۆزنیاکی : کچە یاریزانی تێنسی سەر زەوی دانیمارکی و پۆلینکاری یەکەمی جیهان، ئەم خانمە شۆخ وشەنگە هاندەرێکی سەر ســـەختی یانەی لیڤەرپولە، چەندین جاریش بەدیار کەوتووە بەدرێســـی یاریزان ستیڤن جیرارد مەشقەکانی خۆی ئەنجام دەدات.

٩ – فیلیپـــی ماســـا : شـــۆفێری بەرازیلی بەناوبانـــگ لە تیپی فیراری، لە دایك بووی شاری ساوپاولۆیە و هاندەری یانەی ساوپاولۆی بەرازیلیە، هەرکاتێك دەرفەتی بۆ بڕەخسێت ئامادەی یارییەکانی یانەی ناوبراو دەبێت.

١٠ – بۆریس بیکەر: یاریزانی پێشووی تێنسی سەر زەوی ئەڵمانی، هاندەری یانـــەی بایەرن میونیخە و لە زۆربەی یارییەکان ئامادە دەبێت، بیکەر لە لایەن ســـەرۆکی شـــانازی یانەی بایرەنەوە فانـــز بیکنباوەر بانگهێشت کراوە بۆ ئەوەی ببێتە ئەندامی شانازی یا نە کـــە ی هەرێمی باڤارییەوە.



## ـــانە گەورەکانی ئەوروپا

*** یانەی بەرشـــلۆنە:** گۆڵکەرەکەی یاریزان سیزار رۆدریگزە کە ٢٣٥ گۆڵی تۆمارکردووە لە ماوەی ١٩٣٩ تا ١٩٥٥.

*مانچســـتەر یونایتد: گۆڵکەرەکەی یاریزانی بەناوبانگ بۆبی چارلتۆنە کە ٢٤٩ گۆڵی تۆمارکردووە لە ماوەی ١٩٥٦ تا ١٩٧٣.

*** ئەرسنال:** یاریزانی فەرەنسی تێری هینری گۆڵکەری مێژووییە لەم یانەیە بە تۆمارکردنی ٢٢٦ گۆڵ لەو ماوەیەی کە لە ئەرســـنال یاری کردووە.

***لیڤەرپول:** یاریزانـــی ویلزی ئەیان راش گۆڵکەری مێژووییە بە تۆمارکردنی ٣٤٦ گۆڵ لە ٦٦٠ یاریدا.

***چێلســـی:** گۆڵکەرەکەی یاریزانێکی ئینگلیزییە کەناوی بۆبی تاملینگـــە کە ٢٠٢ گۆڵی تۆمارکـــردووە بۆ یانەی بلوز لە ماوەی ١٩٥٩ تا ١٩٧٠.



***ئـــەی ســـی میـــلان:** گۆڵکـــەرە مێژووییەکەی یاریزانێکـــی ســـویدییە بە نـــاوی گنەر نۆردال بوو بە تۆمارکردنی ٢٢١ گۆڵ لە ماوەی ١٩٤٩ تا ١٩٥٦.

*** ئینتـــەر میـــلان:** یاریزانـــی ئیتالـــی بەناوبانگ جۆسیپی میانزا گۆڵکـــەری مێژووییە بە تۆمارکردنی ٢٨٤ گۆڵ.

***یۆڤانتس:** گۆڵکەرەکە تـــا ئێســـتا یـــاری دەکات ئەویش یاریزان ئەلیســـاندرۆ دیـــل پییرۆیە کە تا ئێســـتا ٢٨٤ گۆڵی تۆمار کردووە.

***رۆمـــا:** گۆڵکەری ئەم یانەیـــەش تا ئێســـتا یاری دەکات ئەویـــش یاریـــزان فرانچیسکۆ تۆتییە کە ٢٦٢ گۆڵی تۆمار کردووە.

***بایەرن میونیخ:** بێگومـــان نـــاوی گۆڵکەرە مێژووییەکەی ناســـراوە کـــە یاریزانـــی بـــە ناوبانگ گێرد مۆلـــەرە بە تۆمارکردنی ٤٨٦ گۆڵ.



# پاڵەوانێتی کوردستان بۆ شەترەنج بەڕێوەچوو

لە یادی ٦٥ی ساڵەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە شاری هەولێری پایتەختدا، یەکێتی ناوەندی شەترەنجی کوردستان و پەیمانگای شەترەنجی کاباپلانکا، پاڵەوانێتی شەترەنجی ١٦ی ئاب، بۆ یاریزانانی هەریەك لە شارەکانی هەولێر و دهۆك و سلێمانی و کەرکوك لە هۆڵی هوتێلی چوارچرا ئەنجامدا، لە کردنەوەی پاڵەوانێتییەکەدا هەریەکە لە پشتیوان سادق ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەفین دزەیی وەزیری پەروەردە و ئازاد سابیر سەرۆکی یەکێتی شەترەنجی کوردستان ئامادەبوون، لەم پاڵەوانێتییە ٤٢ یاریزانی کوڕ و کچ بەشداریان تیاییدا کردبوو، ئەم پاڵەوانێتییە لە ئاستی کوڕان بە سیستەمی سویسری بە بەڕێوەچوونی نۆ جەولە ئەنجامدراو لە ئاستی کچان بە سیستەمی سویسری بە بەڕێوەچوونی پێنج جەولە ئەنجامدرا.

ئەنجامی کۆتایی ئەم پاڵەوانێتییە بەمشێوەیە بوو.

ئاستی کچان

١- جوان جەمال ٤خاڵ، ٢- کارین کەمال ٤خاڵ، ٣- سۆنیا تەها ٥-٣خاڵ، ٤- بژار وریا ٣خاڵ.

ئاستی کوڕان

١- حوسێن عەلی ٨خاڵ، ٢- نوح عەلی ٧,٥ خاڵ، ٣- نەمیر نورەدین ٦ خاڵ، ٤- چیا مودیر ٥ خاڵ.

هەروەها پاڵەوانێتییەکی خێرا بۆ ٢٤ یاریزان بەڕێوەچوو ئەنجامی یارییەکەش بەمشێوەیە بوو.

١-ئەحمەد جومعە، ٢- هیوا کەریم، ٣- هۆشمەندحەیدەر، ٤- دیاکۆ ئاکۆ



# خەڵاتەکانی خولی یانە

یەکێتی تۆپی پێی ئەوروپا خەڵاتەکانی دارایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بۆ وەرزی ٢٠١٠ – ٢٠١١ ئاشکرا کرد و تیایدا یانەی مانچستەر یونایتد بە پلەی یەکەم هات، سەرەرای ئەوەی نەیتوانی نازناوەکە بەدەست بهێنێت ونازناوەکە بۆ یانەی بەرشلۆنە بوو، بە پێی رێنماییەکانی یویفا هەر یانەیەك بەشداری لە قۆناغی گرووپەکان کردووە بڕی ٣ ملیۆن و٩٠٠ هەزار یۆرۆ وەردەگرێت و بڕی ٣ ملیۆن و ٣٠٠ هەزار یۆرۆ بەرامبەر ٦ یارییەکەی قۆناغی گروپەکان وەردەگرێت و ٨٠٠ هەزار یۆرۆ بەرامبەر هەر سەرکەوتنێك وەردەگرێت و ٤٠٠ هەزار یۆرۆ بەرامبەر هەر یەکسانبوونێك وەردەگرێت، دواتر هەر یانەیەك دەگاتە قۆناغی ١٦ بڕی ٣ ملیۆن یۆرۆ وەردەگرێت، هەر یانەیەکی قۆناغی ٨ بڕی ٣ ملیۆن و ٣٠٠ هەزار وەردەگرێت، یانەکانی قۆناغی پێش کۆتاییش بڕی ٤ ملیۆن و ٢٠٠ هەزار یۆرۆ وەردەگرێت، پاڵەوانیش بڕی ٩ ملیۆن یۆرۆ وەردەگرێت و دووەمیش بڕی ٥ ملیۆن و ٤٠٠ هەزار یۆرۆ وەردەگرێت.

دوای ئەم خەڵاتانەش یویفا بەشی هەر یانەیەك لە مافی گواستنەوەی تەلەفزیۆنی بەسەر یانەکان دابەش دەکات، لە دوای هەموو ژمێرییارییەکان یانەی مانچستەر یونایتد بە پلەی یەکەم هات بە کۆی ٥٣ ملیۆن یۆرۆ و بەرشلۆنەش بە پلەی دووەم هات بە کۆی ٥١ ملیۆن یۆرۆ.





# پاڵەوانەکانی ئەوروپا ٢٠١١

**ئەمەش ریزبەندی خەڵاتەکانی یانەکانە لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بۆ وەرزی ٢٠١٠ – ٢٠١١:**

١ – مانچستەر یونایتد – ئینگلتەرا – ٥٣ ملیۆن یۆرۆ
٢ – بەرشلۆنە – ئیسپانیا – ٥١ ملیۆن یۆرۆ
٣ – چێلسی – ئینگلتەرا – ٤٤ ملیۆن و ٥٠٠ هەزار یۆرۆ
٤ – شالکە – ئەڵمانیا – ٣٩ ملیۆن و ٧٠٠ هەزار یۆرۆ
٥ – ریال مەدرید – ئیسپانیا – ٣٩ ملیۆن و ٢٠٠ هەزار یۆرۆ
٦ – ئینتەر میلان – ئیتالیا – ٣٨ ملیۆن یۆرۆ
٧ – بایرەن میونیخ – ئەڵمانیا – ٣٢ ملیۆن و ٥٠٠ هەزار یۆرۆ
٨ – تۆتنهام - ئینگلتەرا – ٣١ ملیۆن یۆرۆ
٩ – رۆما – ئیتالیا – ٣٠ ملیۆن یۆرۆ
١٠ – ئەرسنال – ئینگلتەرا – ٢٩ ملیۆن و ٩٠٠ هەزار یۆرۆ
١١ – ئەی سی میلان – ئیتالیا – ٢٥ ملیۆن و ٧٠٠ هەزار یۆرۆ
١٢ – مارسیلیا – فەرنسا – ٢٥ ملیۆن یۆرۆ
١٣ – ڤالانسیا – ئیسپانیا – ٢٤ ملیۆن یۆرۆ
١٤ - لیـــۆن – فەرنسا – ٢٢ ملیۆن و ٦٠٠ هەزار یۆرۆ





# ٢٥٠ملیۆن سەرجەم گرێبەستە وەرزشییەکانی یانەی پێشمەرگەی سلێمانیە

دوای ئەوەی یانەی پێشـــمەرگەی سـلێمانی لە وەرزی رابـــردوو لە خولی بژاردەی عێراق بۆ خولـــی پلە نایابەکان دابەزی لە ئێســـتاوە ئەم یانەیە گرێبەســـتی لەگەڵ چەند یاریزانێـــك مۆرکردووە و لە هەمان کاتدا دەســـتبەرداری ١٥ یاریزان بوونە و لە کاتی ئێســـتادا بڕی زیاتر لە ٢٥٠ ملیۆن دیناری لە گرێبەســـتی یاریزانان خەرج کردووە و گەورەترین گرێبەستی یانەکە ٢٢ ملیۆنە.

گرێبەســـتی یاریزانانی یانەی پێشـــمەرگەی سـلێمانی بەمشێوەیە بۆ وەرزی داهاتوو.

١- شکار موحسین (یانەی پێشمەرگەی هەولێرەوە) (٢٢) ملیۆن دینار، ٢- کارســـازمحەمەد (یانەی سیروانی نوێ) (١٨) ملیۆن دینار، ٣- ئارام محەمەد (یانەی سـلێمانی) (١٥) ملیـــۆن دینار، ٤- گۆران کەریم (یانەی سـلێمانی) (١٠) ملیۆن دینار، ٥- بیلال سەلیم(یانەی سلێمانی)(١٠) ملیۆن دینار، ٦- عەلی کازم (یانەی دیوانیە) (١٢) ملیۆن دینار، ٧- رێناس قانیع ( تیپی میللی ) بەبێ گرێبەســـتە، ٨- شوان عەلی(تیپی میللی ) بەبێ گرێبەست.

یاریزانە دوورخراوەکان بریتی بوون لە.

١- ســـامح رۆســـتم بۆ یانەی زاخۆ، ٢- هەردی نورەدین بـــۆ یانەی زاخۆ، ٣- دارا محەمـــەد بۆ یانەی نەفەت، ٤- سۆران حەسەن، گۆران قادر، بڕیار حمە ساڵح، هاوکارحوسێن، زیا عەبدولحەکیم، سامان ئەحمەد، کامەران سالار بۆ یانەی نەورۆز،٥- عەباس سوڵتان بۆ سلێمانی، ٦- عەلی ئەحمەد، ئەمجەد وەلی بۆ یانەکانی شاری کەرکوك، ٧- زیاد عەلی، کارزان عەزیز، ســـامان جەلال بۆ یانەی سلێمانی،٨- عەلی تەحسین بۆ یانەی سیروانی نوێ.

جێگەی باسە گرێبەستی راهێنەر سەردار ساڵح ٢٥ ملیۆن دینارە و وا بڕیارە ئۆردوگایەکی مەشقی لە وڵاتی لوبنان بۆ مـــاوەی ١٠ رۆژ ئەنجام بدەن و دوو یاری لەگەڵ یانەکانی عەهد و نەجمە ئەنجام بدەن.

